کورد و ئەمریکاو 2007



خالید هەرکی

سیماو دیاردە نیگەتیفەکانی ئەم چەند رۆژانە ، هەلوێست وهەنگاوەکانی دۆست ودەرو دراوسێکانمان، سەبارەت بە پێشهاتەکانی ئەم سالّمان نامەیەکی رون و ئاشکرامان پێرادەگەیەنن .

دیارە رێکەوت نیە ئەم هەموو گۆران و وەرچەرخانە لە کێشەی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی دەکەونە یەک سات و یەک وەخت ، بۆ ئەم گۆرانە کورد دەبێ بە ئاگاو بە بەرنامە بێ، سیناریۆی ئەلتەرناتیفی ئامادەو بەردەست بێ . هەر سیاسەتمەدارێک یا لێکۆلەرەوەیەکی سیاسی وورد بونەوەیەک لە راگەیاندن و بزاڤ و جولەی سیاسەت بەدەستانی ناوچەکە بکات کەم یا زۆر لەو مەترسیە بەئاگا دەبێ کە لە ئەنجامی سیاسەتی ئەمریکاهاتوتە کایەوە ، هەر لە راپۆرتە پێشنیار کراوەکانەوە تا راگەیاندنی ستراتیژیەتە سیاسیەکەی کە هەفتەی رابردوو سەرۆک بۆش رای گەیاند .

دیارە کە بایەکە بەخواستی کەشتیی کورد هەلناکا. ئەگەر گەف و گورەکانی ئەردۆغان و پەرلەمانتارانی تورکیش بخەینە خانەی رێکلام وموزایەداتی هەلبژاردنەکەیانەوە ، بەلام دەبێ خۆ وورد بونەوەیەک لەسەر پێداگرتنەکانی ئیدارەی ئەمریکی لە بە فراوان کردن و بەشداریی زیاتر پێکردنی سوننە لە دەسەلات و گەراندنەوەی کۆنە بەعسیەکان بکەین ،بەتایبەتیش کۆنە ئەفسەرەکانی سەردەمی رژێم کە زۆربەی هەرەزۆریان دەستیان بەخوێنی رۆلەی کورد سورە ، سەرباری ئەمەش لاملیی دیموکراتەکان لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی بە داخوازیان لە توندتر کردنی بەرنامەو ستراتیجیەتی ئەمریکی ، سەردان و بەسەرکردنەوەکانی کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکی بۆ عەرەبیی سعودیە و ولاتانی تری عەرەبی دیدەنیەکانی لەگەل وەزیرانی دەرەی عەرەب بۆ وەدەست هێنانی پشتگیریی ئەوان و مەرجە مەترسیدارەکەیان هەموویان لێدانی زەنگی خەتەرن بۆ دوارۆژی کورد ،کە

بە بروای من سالی 2007 بۆ ئێمەی کورد سالێکی شووم و پر کارەسات دەبێ. جۆزێف بایدن ی سەنەتۆری دیموکراتیی ئەمریکی بەرلەوەی زۆرینەی کورسیەکانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی لە نۆڤەمبەری 2006 وەدەست بهێنن سەبارەت بە دۆزی عێراق بانگەشەی بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ ناوچەی کوردنشین و سوننە نشین وشیعە نشین دەکرد، بە مەزندەو بۆ چونی ئەو ئەمە تاکە رێگە چارەیە کە ئەمریکا بتوانێ کۆنترۆلی ناوچە و دۆخەکە بکا ، بەلام دوای وەدەست هێنانی زۆرینەی کورسیەکانی ئەنجومەن ناوبراو کە سەرۆکایەتیی کوتلەی دیموکراتخوازەکانی دەکرد لەهەمان کات سەرپەرشتیی لیژنەی دەرەوەی کۆنگریسی ئەمریکیی پیسپێردرا ، ئەمجارەیان هەر لەدوای دوو مانگێک لە وەرگرتنی پۆستەکەی دەبینین لە توندرەوە هەرە لەپێشەکانی پەرلەمانتار وسیاسەتمەدارانی ئەمریکایە لە پەرۆشیی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراق ئەوەتا لە 17-01-2007 دا پرۆژەیەکی بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش بە کۆنگرێسی ئەمریکی کردووە تا رەزامەندی لە سەر کارکردن بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق وەربگرێت ، دیار و ئاشکراشە کە پیلانەکان هەموویان لە یەک خالدا یەک دەگرنەوە، بۆیە جێگە و شایەستەی سەرنجن. لەگەل ئەمەشدا سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەم هەموو گۆرانەی سیاسەتەکان بێخەبەرە، یا دەتوانین بلێین بێ بەرنامە دیارە .

ئەگەر هەلبژاردنەکەی تورکیا تەواویش بێ، دیارە کە تورکەکان بۆ دوو مەسەلەی گرنگ کە ئەوان بە چارەنووسی دەسەلات وکەمالیستیەکانیان دەزانن، هەرچەندە نە لە دوور و نەلە نزیک مافی ئەم دەست تێوەردانانەشیان نیە، بەلام دیارە کە سیاسەت هونەری توانستە ئەوەندەی دەتوانێ ئەنجامی بدەی دەبێ بیکەیت. ئەم دوو مەسەلەیەش یەکیان پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک) و ئەوی تریشیان قەوارەی کوردی لە باشوری کوردستانە، کە بیانویەکەی لە کەرکوک خۆی دەنوێنێ ، دیارە ئەم دوو مەسەلەیە لە وروژاندن وگەرم وگوریدا دەبن .

ماوەی 15 سالە تورک زمانی ئاخاوتنیان لەگەل ئێمەدا نەگۆراوە، ئەوان چۆن لە سایەی ئەمریکا خورتی خۆیان دەردەبرن ،دەکرا ئێمەش لە هەمان سایەوە وەلامێکی خورت تریان بدەینەوە. کورد دەبوایە ئەمەی لە باوەردابا کە ئەمریکا بەبێ کورد لەم ماوەیەدا هیچ بەرنامەو پیلانی بۆ ناچێتەسەر، بەدرێژایی ژیانی کورد وەکو ئەم ماوەیە ئەستێرەی لە درەوشاندا نەبوە، مادام تورک بەوان دەخورن دەبا ئێمەش ئەم کارتەمان بخستبایە گەر ،کاتێک کە بەکارمان نەهێنا دەکرێ بلێین دەرفەتمان بەرەو ئاوابوون مل دەنێ .

شتێکی حاشا هەلنەگرە کە بەرنامەی داهاتووی ئەمریکا لە قۆناگێ یەکەم هێنانە پێشەوەی سوننەکانە لەسەر حیسابی کورد، بۆ قۆناغی دووەمیش کەمکردنەوەی رۆلی شیعەیە. ئەگەر بۆشی بلوێت پەراوێزکردنیانە یاخود وەلانانیانە کە ئەمیش بە هاوکاریی ولاتە عەرەبیە سوننەکان دەبێ، لە سەرویانەوە سعودیە ومیسر و ئوردن .

بۆشی کور، ئێستا گەشتۆتە ئاست برواو تێگەیشتنی بۆشی باوک، ئێستا بە برواوە دەزانێ کە باوکی لە بەهاری 1991 دا کاتی دەرکردنی سوپای عێراق لە کوێت بۆ ئەوچەند کیلۆ مەترەی کەبەبەغدا مابوو، نەیبری. دوای سێ سال و نیو لە روخانی رژێمی سەدام، بۆش بە بەرنامەو پیلانە جێبەجێکراوەکەی خۆیدا هاتەوە ، ئەو ئاقارەی لێ بەدیکرد کە بەرنامەکەی لێی دەنیشتەوە، بۆیە بێ ئەوەی خەلکی هەست بەو وەرچەرخانە 180 پلەییە بکەن کە لەژێر ناوی ستراتیجیەتە نوێکەی ئەمریکا بۆ عێراق، گۆرانێکی تەواوەتی لە سیاسەتەکەی خۆ کرد .بە دیدی من سەرتاپای دژ بە بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی کوردن .

من دەپرسم لە کام بەیان وراگەیاندن ولێدوانی ئەمریکیەکان تەنانەت لە راپۆرتە شەرمەزاریەکەی(بیکەر و هاملتون) یش ناوی کورد وەکو ئەوە هاتوە کە بەشێک بن لە هاوکێشەکە، ئەوەندەی ئاماژە بە ولاتانی دراوسێ و پێکهاتەکانی تری نەتەوەیی ومەزهەبیی عێراق دەدرێ، بەدەیەک تەنانەت بەدەگمەن باس لە بوون وسەنگی کورد هەر ناکرێت، ئەمە چی دەگەیەنێ؟

هەر وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێیداوە بێشەرمی دانەپۆشینی بەرنامە گلاوەکانیان بەو ئاستە گەیشت کە دیموکراتخوازەکان پرۆژەیەک بخەنە بەردەم کۆنگرێس کە تیایدا بریار لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق بدەن! ، سەرەرای بانگێشەکردنی کۆندۆلیزا رایس و گێتس بۆ لێدوان ولێپرسینەوە سەبارەت بە بەرنامەکەی بۆش. لە هەمان کات و رۆژی داخوازیەکەی دیموکراتخوازەکان کە پێشکەش بە کۆنگرێس کرابوو، بەر لەم پرۆژەیە مەرجی عەرەبیی سعودی بۆ پشتگیری لە بەرنامەو ستراتیجیەتی ئەمریکی هەمان داخوازی ومەرج بوون .

ئەمە و هەرەشەو گورگیفەکانی تورکیاش هەمان داخوازین ، هەمووشمان دەزانین لەوەتەی کوردو ئۆپۆزسیۆنی عێراق بەیەکەوە کاردەکەن کورد بۆ هێشتنەوەی ئاوی روانی و کپ کردنی هەستی نەتەوەخوازانی کورد، ئەوانەی بۆ مافی چارەی خۆنوسین دەنگیاندا، سەرانی کورد دەلێن ئێمە مافی خۆمانە داوای مافی چارەی خۆنوسین بکەین بەلام باری ناوچەکە بۆ ئێمە لەبار نیە!! بۆیە بەویستی خۆمان لەناوعێراق دەمێنینەوە!!.

ئەوەی لای هەمووانیش رونە ئەوەیەکە کەس لە رەگەزپەرست ورەوشەنبیر و شۆرەشگێرانی عەرەب ئەمە ناخوێننەوە . لەگەلّ ئەمەشدا هەر بەیانێک یا رێککەوتنێک لەنێوان هەرلایەنێکی کورد و عەرەب یا عەرەب وعەرەب دەربچێ، دەبێ ئاماژە بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق بدرێت، لە کاتێکدا گشتمان دەزانین ئەم ئاماژەیە تەنها بۆ زویرکردن و پەستکردنی کورد نەبێ، بۆ هیچی تر نیە .

تورک دەلێ: ئەمریکا بۆ ئێمە هیچی نەکردووە، بۆیە دەبێ ئێمە خۆمان شتێ بکەین، ئەویش هێرش کردنە سەر بنکەکانی(پ.ک.ک) یە ، ئەگەر هێرشیشمان کرد ئەمریکا لەم بارودۆخە ناتوانێ دەرگەی شەرێکیتر بکاتەوە، لەگەلّ کەسیش نا لەگەلّ دۆستی پەنجا سالەی خۆی؟ ! بۆیە ئەم هێرشە هەردەکەین و بەرەنگاریی ئەمریکیەکانیش نابینەوە.

ولاتە عەرەبیە سوننەکان دەلێن: لەم هاوکاری و لەیەکتێگەیشتنەی کوردو شیعە، ئێران سەرکەوت. بە سەرکەوتنی ئێرانیش دەسەلاتی شیعە روەو گەشەدەچێ، تەشەنەی کەنداو و سوریاو ناوچەکەش دەکات، دژایەتیی و ناکۆکیی 1400 سالەمان بە ئاستێک لێ نوێدەبێتەوە کە دۆراندنی عەرەبیی سونەی بەئاشکرا لێوە دیارە .

ئەمریکا تا دوو مانگێک لەمەوبەریش لە بیرکردنەوەی ئەوەدا وەستابوو، کە ئایا کورد بەدۆست هەلبژێرێ یا تورک ؟ گونجاندنی بەرژەوەندیی هەردوولاش لەیەک کاتدا کارێکی ئەستەمە ، نەک لەبەر کورد بەلکو لەبەر کەللەرەقی ولەخۆبایی تورک .

ئەو نەرمی نواندنەو خۆ بەفریشتە کردنەی تورکیاش هەر بۆئەوە بوو تا کارتی سەوزی ئەورووپا سەبارەت بە چونەناو یانەکەیانەوە وەدەست بهێنێ ،کاتێک گەیشتە ئەو باوەرەی کە تا ماوەیەکی دوور بەم ئاواتە ناگات، ئیتر دەلێ: کە ئەوم چوو با ئەمم نەچێ ، دوورنیە خۆی لە حەماقەتێکی لەم بابەتە بدات کە دلنیام لووتی بە شاخەکانی قەندیل و بەدەستی رۆلە نەبەردەکانی گەلی کورد سور دەرازێنرێتەوە .

هۆلەندا -2007-01-18

khalidherki@chello.nl

راگەیاندراوی دەستەی کارگێری بەرەی گۆران سەبارەت بە رەوشی هەنووکەیی کوردستان

کۆمەلانی هەراوی خەلکی کوردستان!

چەوساوەو بەشمەینەتانی کوردستان!

ویرای ئەوەی هێشتا قەیرانەکانی ئاو، کارەبا، سووتەمەنی، نیشتەجێبوون و هاوسەرگیری لە باشووری کوردستاندا روو لەهەورازن و بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاو هەلنەگیراوەتەوە، کەچی لە بەرنامەیەکی نارۆشندا لەژێر ناوی سەربازەوە لاوانی کوردستان بۆ نێو دۆزەخی بەغداد رەوانە دەکرێن!!، لەم پێوەندیەدا ئێمە لە بەرەی گۆران دا هەم نیگەرانی خۆمان پێشان دەدەین، هەم بەهەنگاوێکی نادروستی دەزانین و رەتی دەکەینەوە.

بەشداری پێکردنی لاوانی کوردستان لەپاراستنی ئارامی و هێمنایەتی شاری بەغداد راستەوخۆ کوردستانیان لەنێو شەری سوننەو شیعە دەخزێنێ، هەم لەگەلّ بەرژەوەندەکانی بالای کوردستانیان ناکۆکە، هەم کۆمەلگەی کوردەواری دووچاری زیان و مالوێرانی زیاتر دەکاتەوە، لەو سۆنگەیەوە، پێویستە ئەم سیاسەتە نەخوازراوە رەخنەی لێبگیرێ و رەت بکرێتەوە. باشتروایە لە جیاتی رەوانەکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەغداد هەولی راستکردنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان بدرێ.ا

ئەمرۆ لە کاتێکدا کە کوردستانیان بەپەرۆشەوە لە چارەنووسی خۆیان دەروانن، لە دەستەلاتداران دەخوازن پێبەندی پەیمان و بەلێنەکانی خۆیان بن، هەولی کەمکردنەوەی گەندەلی بدەن، بەیەک چاو لەهەموان بروانن، هاوێرکاری و جیاکاری کۆتا بکەن و شێلگیرانە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140 تێبکۆشن، دەخوازن لێبراوانە بۆ سرینەوەی شوێنەواری بە عەرەبکردن و جینۆساید و بە سووتماککردنی کوردستان هەنگاو هەلبگیرێتەوە، کەچی بەخشکەیی راسپاردەکانی بەیکەر- هاملتن جێبەجێ دەکرێن، هەولی دوورخستنەوەی بەرێوەبردنی ریفراندۆمی کەرکوک دەدرێ، مافی پێراگەیشتن بە سامانی نەوت لە کوردستانیان زەوت دەکرێ، حکومەتی ناوەندی بەهێز دەکرێتەوە، پشت لە سیستەمی فیدرالی دەکرێ، هێزەکانی ئەمریکا بە راوێژ لەگەلّ حکومەتی بەغداد پێ لەسەروەری هەرێمی کوردستان دەنێن، بەو هۆیەوە بە توندی رەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا دەگرین، دەخوازین کە کوردستانیان هۆشیارانەتر رەفتار لەگەلّ پێشهات و رووداوەکاندا بکەن.

بەرنامەی نوێی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق زیاتر جەخت لەسەر بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی دەکاتەوە، گلۆپی سەوز بۆ بەعسیەکان دادەگیرسێنێ و بەرەو نێو هاوکێشەی سیاسی رایاندەکێشێتەوە، تایبەتمەندێتی کوردستان لەبەرچاو ناگرێ، لەلایەکی دیکەشەوە لەجیاتی ئەوەی هەولی ئاسایی کردنەوەی رەوشی پارێزگای کەرکوک بدرێ، کەچی عەرەبە دەمارگیرو توندرۆکان و بەرەی تورکمانی لەژێر چرای سەوزی ئەمریکاو بەپشتیوانی راستەوخۆی تورکیا دەیانەوێ رەوشی کەرکوک ئالۆزتر بکەن، هەولی گۆرینی دەستووری عێراق دەدەن و دەیانەوێ راپرسی ئەنجام نەدرێ، دەخوازن سیناریۆی نێودەولەتی بۆ کەرکوک بهێننە ئاراوە، بەو هۆیەوە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی تورکیا و هاوپەیمانانی ریسوا دەکەین، دەخوازین کوردستانیان یەکدەنگ و یەکهەلوێست لەبەرانبەر هەرەشەو بەرنامە و سیاسەتەکانی تورکیا، ئەوانەی دژ بە بەرژەوەندەکانی کوردستان سەرچاوە دەگرن، رابوەستن.

هەر لەو پێوەندیەدا بەئەرکی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی دەزانین کە چاو بەکارەکانی رابردوویان بخشێننەوە، لە کۆنفرانسێکی بەرفراوانی هێزە سیاسیەکانی هەموو پارچەکانی کوردستاندا، پرۆژەیەکی نیشتمانی پێشنیار بکرێ، بریار لە گوتارێکی هاوبەش بدرێ، داوا لە دەستەلاتداران بکرێ کە هەلەو کێماسی و گەندەلی و قەیرانەکان بژار بکەن و بەرەو داهاتووێکی پرشنگدار رێ بگرن.

بەلێ بۆ گۆران..

بەلێ بۆ پێشکەوتن..

دەستەی کارگێری بەرەی گۆران

2007-1-16

رۆشنبیرانی تورک رێگەی راست پێشانی دەستەلاتدارانی ئەنکارا دەدەن

ئامادەکردنی : رۆژی گەل

دوای ئەوەی کاربەدەستانی دەولەتی تورکیا بابەتی لەشکرکێشی بۆ باشووری کوردستان و کێشەی کەرکوکیان خستە رۆژەڤەوە، ژمارەیەک رۆشنبیرو نووسەری ناسراو دەنگی نارەزاییان بەرز کردۆتەوەو بوێرانە هەلوێست دەگرن و رێگەی راست پێشانی کاربەدەستانی تورکیا دەدەن. لەو پێوەندیەدا بەباشمان زانی کە خوێنەرانی رۆژی گەل بە راو سەرنجی چەند رۆشنبیرێک ئاشنا بکەین.

ئەرتوگرول ئۆزکوک، نووسەری رۆژنامەی حوریەت نووسیویەتی :

من سالی 2003 نووسیبووم، ئەگەر ئێوە سەرباز رەوانەی عێراق نەکەن، رۆژێک دادێ کە ناچار دەبن لەگەلّ ئەمریکا شەر بکەن. رامانی من راست دەرچوو، ئەوانەی ئەوێ رۆژێ بەمنیان دەگوت تابووتی هەر سەربازێک کە لە عێراق بگەرێتەوە، دەبێ لەسەر لاشەی تۆوە تێپەر ببێ، ئێستا دەنگ ناکەن، کەچی دەلێن با سوپای تورکیا دەربازی خاکی باکوری عێراق (باشووری کوردستان) ببێ، منیش دەلێم: نا .. نا، دەبێ تورکیا کێشەی باکووری عێراق نەک بەشەر بەلکو بە ژیری و دیبلۆماسی چارەسەر بکات. من لەوە زێدەتر دەرۆم : لەوانەیە لەم سیناریۆیەدا دروست کردنی دەولەتی کوردستانیش هەبێ. ئیتر دەبێ ئێمە ئەم پرسیارەش لە خۆمان بکەین: دەولەتی کورد لە نێوان ئێمە و عەرەبی سوننەدا دروست دەبێ، گەلۆ لەبەرژەوەندی ئێمەدایە یان نا؟! بۆ ئێمە باشە یان خراپ؟!

من دەزانم ئێوە هەمووتان دلتەنگ دەبن، بەلام ئەگەر کەس جورئەت نەکا بپرسێ، دەبێ یەکێک ئەو پرسیارە بکات. ئەگەر رۆژێک ئەو چارەسەریە بێننە بەردەستی ئێمە، دەبێ ئێمە پسکۆلۆژیشی بۆ ئامادە بکەین، بۆیە ئەمجارەش من دلی خۆم دەخەمە سەر لەپی دەستم و لەدژی ئەوە رادەوەستم کە تورکیا لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی کوردستان بکات.

جەنگیز چاندەر، یەکێ لە رۆشنبیرە ناسراوەکان روو لەو پەرلەمانتارانەی تورکیا دەکات کە دەیانەوێ لە پەرلەمانی تورکیا گفتوگۆ لەسەر کەرکوک بکەن و دەنووسێ : برایان کۆبوونەوە لەسەر کەرکوک مەکەن، برۆن راستیەکان لە کەرکوکەوە ببینن! ئەوەی کە بەرەی تورکمانی سەبارەت بەژمارەی تورکمان لە کەرکوک پێشانی دەدات و دەلێ شەش سەد هەزار تورکمان هەن، لە راستیەوە دوورە، تەنیا پروپاگەندەیە.

جەنگیز چاندەر لە نووسینەکەیدا بە بەلگەوە دەیسەلمێنێ کە ژمارەی کورد لە کەرکوک لە ژمارەی تورکمان و عەرەب زۆرترە.

محەمەد عەکی بیراند کە رۆشنبیرێکی ناسراوەو کوردستانیان بە نووسین و بۆچوونەکانی ئاشنان، رۆژی 18-1-2007 نووسیویەتی :

ئەگەر تورکیا باشووری کوردستان داگیر بکات، زیانی زۆری پێدەکەوێ، هێشتا تورکیا راوەستاوە کەچی بیراند زیانەکانی بەم شێوەیە ریزبەندی دەکات :

1- ئەگەر تورکیا بچێتە ناو خاکی کوردستان لەگەلّ ئەمریکا تێکهەلچوون روودەدات، ئەمەش گورزێکی کاریگەر لە پێوەندی نێوان تورکیا و ئەمریکا دەدات.

2- سوپای تورکیا لەگەلّ پێشمەرگە رووبەرووی شەرێکی گەورە دەبێتەوە، هەرچەندە سوپای تورکیا لە هێزی پێشمەرگە بەتواناترە، بەلام دیسانیشەوە شەرێکی خوێناوی دەقەومێ، بەهەزاران کەس تێیدا هکوژرێن.

3- ئەگەر تورکیا بچێتە ناو کوردستان ئەوە موسلمانانیش دلتەنگ دەبن، شەر لە بەغداوە بەرەو کوردستان دێ.

4- ئەگەر تورکیا بچێتە ناو باشووری کوردستان کاریگەری لەسەر باکووری کوردستانیش دەبێ، دەرفەتێکی زێرین بۆ پەکەکە دەرەخسێ، لە ئەوروپاش چالاکی لە دژی تورکیا دەست پێدەکات .

5- ئەگەر تورکیا بچێتە ناو باشووری کوردستان دووچاری گرفتێکی گەورەی ئابووری دەبێتەوە.

6- ئەگەر تورکیا لەشکرکێشی بۆ باشووری کوردستانیش بکات، کێشەکە چارەسەر نابێ.

لە کۆتاییدا **محەمەد عەلی** بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەرێگەی دیبلۆماسی داوای لە رۆشنبیران و نووسەران کردووە کە نامە بۆ ئەردۆگان رەوانە بکەن و رای خۆیان دیار بکەن .

دکتۆر جەنگیز ئەکتار، پسپۆری پێوەندی نێونەتەوەیی ومامۆستای زانکۆی باخچەشەهری لە دیمانەی کەنالی ئاسمانی ئێن تیڤی دا سەبارەت بە کێشەی کەرکوک گوتی: کێشەی کەرکوک تازە هاتۆتە تورکیاوە، کێشەی ئێمە پارتی کرێکارانی کوردستانە، ئەگەر هەردوو مەسەلە تێکەلاو بکرێن، لەوانەیە ئاکامێکی مەترسیداری هەبێ. تورکیا نە بۆ عێراق ونە بۆ کوردستان سیاسەتی خۆی ئاشکرا نەکردووە، ئەمرۆ هەندێک کەس لەسەر هەبوونی ژمارەیەک تورکمان لە عێراق سیاسەت دەکەن، ئەمەش وا دەکات کە تورکیا دووچاری کێشەیەکی ترسناک ببێتەوە، کێ چی دەلێ با بلێ، بەلام من باوەر ناکەم کە تورکیا بتوانێ بچێتە ناو عێراق و کاریگەری لەسەر ریفراندۆمی کەرکوک دابنێ.

هەروەها سەبارەت بە ژمارەی تورکمان لە عێراقدا **دکتۆر جەنگیز** دەلێ : رێژەی تورکمان لە عێراق 2% یان 3% تێپەر ناکات، بەم شێوەیەش ژمارەی تورکمان لە نێوان 200 تا 300 هەزار کەس دەبێ، لایەنی زۆر لە 400 هەزار کەس تێپەرناکات ، زۆربەشیان ئێستا لە تورکیادا دەژین، هەندێکیشیان شیعەن . مرۆڤ ناتوانێ بلێ گروپێک تورکمان هەن و هەمووشیان لەگەلّ تورکیا دان.

لە کۆتاییدا **جەنگیز ئەکتار** دەلێ : تورکیا نازانێ کەرکوک لە کوێیە! بەلکو چەند زانیاریەکی سیخوری لەدەست تورکیا دان، ئەمەش کێشەکەی ئالۆز کردووە.